کۆمسیۆن سزای دارایی بەسەر ٥٦ کاندید دەستپێنێت

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، ٥٦ کاندیدی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق سزا دەدات و هەریەکێیان بە دوو ملیۆن دینار سزای دارایی دەدات.

ئەمە یەکشەممە ١٩ـی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥، ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، لە کبوونەوەی ئەمڕۆیدا، تاوتوێی چوار یاداشتی بەشی سکاڵا و تانەی ئەمیندارێتی گشتیی ئەنجومەنی کۆمسیارانی لەبارەی سەرپێچی بانگەشەی هەڵبژاردن کرد و بڕیاریدا بە سزادانی ٥٦ کاندیدی حزب و هاوپێیمانێتییە بەشدارەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق.

بەگوێرەی بڕیارەکەی کۆمسیۆن هەر کاندیدێک بە دوو ملیۆن دینار سزای دارایی دەدرێت بەهۆی سەرپێچیکردنی سیستم و ڕێنماییەکانی هەڵمەتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن ژمارە چواری ساڵی ٢٠٢٥.

پێشتریش کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق وتبووی، لەسەرەتای دەستپێکردنی بانگەشە لە ڕۆژی سێ تاوەکو ١٤ـی ئەم مانگە، ٤٠٠ کاندید سزای دارایی دراون، کاندیدە سزادراوەکانیش ٢٩١ـیان پیاو و ٤٩ـیان ژن بوون.